www.hetaw.net
ژمارە (٨٢٧) چوار شەممە ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ی
هەواڵی ئازادی هەموو چوارشەممەیەك

رێکخراوی کۆمەک لەسیستەمی ئەسکەندەنافییەوە کتێبێکی فێرکاری هێناوە کە پێی دەوترێ (پلانی فێرکاری هاوچەرخ) کە هەموو وڵاتێکی دیموکرات دەبێ ئەو پلانەی هەبێ، ئینجا دەبێت ئەو پلانە وردبکرێتەوە بۆ پلانی ساڵانەو پلانی فێرگە، ئەوەش هونەرێکی سەختە کەس بەئاسانی نایزانێت، بۆیە دەبێت فێری میتۆدەکانی ببین کە ئەم خولەمان بۆ ئەوەبوو

"زیاتر لەپەنجا قوتابخانە لەسەر پلانی فێرکاری نوێ دەڕۆن"

"سیستەمی فێرکاریی ئەسکەندەنافی لەکوردستانیش پەیڕەو دەکرێ"

ئا: شەمێران سلێمان

وەزارەتی وەرزشو لاوان بەهاوکاری رێکخراوی کۆمەک لەرۆژانی (١٥- ١٠/١٧) خولێکیان بەناوی (بەرنامەی راهێنانی فێرکاری) بۆ نزیکەی سەدو پەنجا مامۆستای دەڤەرە جیاوازەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کردەوە، کە ئامانج لەو خولە بۆ شارەزابوونی مامۆستایان بوو لەبەرنامەی (پلانی فێرکاری هاوچەرخ) کە بەرنامەیەکی پێشکەوتووەو لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیاوە وەرگیراوە، وەزارەتی پەروەردەش پەسەندی کردووە، ئەو سیستەمە نوێیەی فێرکاری ئێستا زیاتر لەپەنجا قوتابخانەو خوێندنگای کوردستاندا بەسەرکەوتووی پەیڕەو دەکرێت.

شەیدا مستەفا بەرپرسی بەرنامەی راهێنانی لاوان لەو بارەیەوە بە "ئاڵای ئازادی" راگەیاند ئەو بەرنامانەی کە ئێمە دەستمان پێکردووە لەساڵی (٢٠٠٨)ەوە لەچەندین بەرنامەی جیاواز پێکهاتووە، دوای ئەوەی لەنەخشەڕێی لاوانی وەزارەتی وەرزشو لاوان کە پێنج کێشەی لەخۆ گرتبوو، ئێستا هاتووینەتە سەر تەوەرەی فێرکاری.

دەربارەی ئامانجی خولەکەش ناوبراو باسی لەوەکرد بۆ چارەسەری کێشەی فێرکاری ئەم خولەمان کردووەتەوە کە نزیکەی (١٥٠) مامۆستامان لە سەرتاسەری هەرێم لەدهۆکەوە بۆ هەڵەبجەو خانەقین بانگهێشت کردووە بۆ هاوینەهەواری شەقڵاوە کە بۆ ماوەی سێ رۆژ خولەکە بەردەوام دەبێت.

دیمەنێک لەخولی راهێزانی فێرکاری

هەروەها بەرپرسی بەرنامەی راهێنانی لاوان ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە رێکخراوی کۆمەک هاوکاری زۆری وەزارەتی وەرزشو لاوانی کردووە لەبەرنامەی فێرکاریدا، مامۆستایان زۆر بەگەرمی پێشوازییان لەم بەرنامەیە کردووە، چونکە بەهۆی پلانێکی فێرکاری هاوچەرخەوە دەتوانین کێشەی فێرکاری کەم بکەینەوە، لەو رێگەیەشەوە بونیادێکی نوێی گەنجی رۆشنبیرتر ئامادە بکرێ.

سەبارەت بەئامانجی ئەو خولەو کۆکردنەوەی ئەو مامۆستایانە شەیدا مستەفا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەبەر ئەوەی کە مامۆستا سیستەمی فێرکاری جێبەجێ دەکاتو پەیوەندییەکی دانەبڕویان هەیە بەکۆی سیستەمی پەروەردەوە، بۆیە دەبێت شارەزاییەکی تەواویان هەبێت لەسەر سیستەمی فێرکاری جیهانیو دەبێ ئێمەش دانەبڕێین لەو پێشکەوتنانەی بواری پەروەردەو فێرکاری بۆ ئەوەی بگەین بەئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو تا کوردستانێکی ئاوەدانو کادری رۆشبیرو داهێنەر بەرهەم بێنین.

دەربارەی بەرنامەی داهاتوویان شەیدا مستەفا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد پێدەچێ وەزارەتی وەرزشو لاوان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری لەکابینەی نوێدا ببن بەیەک وەزارەت ناتوانم بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە بۆ سەرخستنی ئاستی فێرکاری بەتایبەتی سەرپەرشتیارانو بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خوێندنگاکان.

سەبارەت بەو بەرنامەیەی کە لەخولەکەدا باسی لێوەکراو ناوەڕۆکی بەرنامەکە ناوبراو باسی لەوەکرد رێکخراوی کۆمەک لەسیستەمی ئەسکەندەنافییەوە کتێبێکی فێرکاری هێناوە کە پێی دەوترێ (پلانی فێرکاری هاوچەرخ) کە هەموو وڵاتێکی دیموکرات دەبێ ئەو پلانەی هەبێ، ئینجا دەبێت ئەو پلانە وردبکرێتەوە بۆ پلانی ساڵانەو پلانی فێرگە، ئەوەش هونەرێکی سەختە کەس بەئاسانی نایزانێت، بۆیە دەبێت فێری میتۆدەکانی ببین کە ئەم خولەمان بۆ ئەوەبوو.

هەروەها ناوبراو باسی لەوەشکرد ئەو مامۆستایانەی لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا لەبەیانی زووەو تا سەعات دەی شەو بەبەردەوامی لەلایەن مامۆستایانەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕ ئەو بەرنامەیان پێوترایەوە.

سەبارەت بە بەدواداچوونو چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە لەخوێندنگاکان ئاسۆس شەفیق ئەوەی ئاشکراکرد لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەوە چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەکرێتو وەزیری پەروەردەش رەزامەندی لەسەری دەربڕیوە.

سەبارەت بە پەیڕەوکردنی ئەو سیستەمە فێرکارییە بەرپرسی بەرنامەی فێرکاری لە وەزارەتی وەرزشو لاوان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەساڵانی (٢٠٠٢ و ٢٠٠٣) تەنها لە خوێندنگای گوندی کەنەکەوەی دەربارەی کارەکانی داهاتووی بدوێم، بەڵام هیوادارم وەزیری داهاتوو بتوانێت ئەو نەخشەڕێیەی کە وەزارەتی وەرزشو لاوان داینناوەو پێنج کێشەی سەرەکی لەخۆگرتووەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە کە بریتین لەکێشەکانی (نیشتەجێبوون، فێرکاری، کزی ئاستی دیموکراسی، هەژاری، بێکاری).

ئاسۆس کەمال شەفیق بەرپرسی فێرکاری لە وەزارەتی وەرزشو لاوان باسی لەوەکرد ئەم بەرنامەیە (بەرنامەی راهێنانی فێرکارییە) بریتییە لەکارکردنی رێکخراوی کۆمەک لەگەڵ وەزارەتی وەرزشو لاوان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری لەکابینەی نوێدا ببن بەیەک وەزارەت ناتوانم بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە بۆ سەرخستنی ئاستی فێرکاری بەتایبەتی سەرپەرشتیارانو بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خوێندنگاکان.

سەبارەت بەو بەرنامەیەی کە لەخولەکەدا باسی لێوەکراو ناوەڕۆکی بەرنامەکە ناوبراو باسی لەوەکرد رێکخراوی کۆمەک لەسیستەمی ئەسکەندەنافییەوە کتێبێکی فێرکاری هێناوە کە پێی دەوترێ (پلانی فێرکاری هاوچەرخ) کە هەموو وڵاتێکی دیموکرات دەبێ ئەو پلانەی هەبێ، ئینجا دەبێت ئەو پلانە وردبکرێتەوە بۆ پلانی ساڵانەو پلانی فێرگە، ئەوەش هونەرێکی سەختە کەس بەئاسانی نایزانێت، بۆیە دەبێت فێری میتۆدەکانی ببین کە ئەم خولەمان بۆ ئەوەبوو.

هەروەها ناوبراو باسی لەوەشکرد ئەو مامۆستایانەی لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا لەبەیانی زووەو تا سەعات دەی شەو بەبەردەوامی لەلایەن مامۆستایانەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕ ئەو بەرنامەیان پێوترایەوە.

سەبارەت بە بەدواداچوونو چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە لەخوێندنگاکان ئاسۆس شەفیق کەمال بەرپرسی فێرکاری لە وەزارەتی وەرزشو لاوان باسی لەوەکرد ئەم بەرنامەیە (بەرنامەی راهێنانی فێرکارییە) بریتییە لەکارکردنی رێکخراوی کۆمەک لەگەڵ وەزارەتی وەرزشو لاوان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری لەکابینەی نوێدا ببن بەیەک وەزارەت ناتوانم بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە بۆ سەرخستنی ئاستی فێرکاری بەتایبەتی سەرپەرشتیارانو بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خوێندنگاکان.

سەبارەت بەو بەرنامەیەی کە لەخولەکەدا باسی لێوەکراو ناوەڕۆکی بەرنامەکە ناوبراو باسی لەوەکرد رێکخراوی کۆمەک لەسیستەمی ئەسکەندەنافییەوە کتێبێکی فێرکاری هێناوە کە پێی دەوترێ (پلانی فێرکاری هاوچەرخ) کە هەموو وڵاتێکی دیموکرات دەبێ ئەو پلانەی هەبێ، ئینجا دەبێت ئەو پلانە وردبکرێتەوە بۆ پلانی ساڵانەو پلانی فێرگە، ئەوەش هونەرێکی سەختە کەس بەئاسانی نایزانێت، بۆیە دەبێت فێری میتۆدەکانی ببین کە ئەم خولەمان بۆ ئەوەبوو.

سلێمانی پەیڕەو دەکرا، بەڵام ئێستا زیاتر لەپەنجا خوێندنگا لەسەر ئەو بەرنامەیە دەڕۆن لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەکو لە مەخمورو هەولێرو بارزانو کۆیەو زۆر ناوچەی تر.

مامۆستا ویژدان نورەدین یاریدەدەری بەڕێوەبەر لەخوێندنگای شەهید سەرچڵی نمونەیی لەناحییەی وارماوا کە بەشدارێکی ئەو خولە بوو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەم خولەدا توانیمان سوودێکی زۆر وەرگرین سەبارەت بەم سیستەمە نوێیەی فێرکاری، چونکە ئێمە بەو سیستەمە کۆنە خوێندوومانە ئاشنا نەبووین بەو پلانە نوێیە.

مامۆستا فەهمی نەبی مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتی جیو موکریانی لەهەولێر کە بەشداری ئەو خولەی کردبوو سەبارەت بە ئامادەکاریو بەرنامەکانی خولی راهێنانی فێرکاری پێیوابوو گەشبینم بەئەنجامی خولەکە، چونکە فێری رێکخستنی کار بووم لە فێرگەو فێری ئەوەش بووم چۆن بتوانم کار لەسەر بەهرەی قوتابی بکەم، خولەکەش ئامادەکارییەکی زۆر مۆدێرنو زۆر باشی بۆ کرابوو.

مامۆستا نازدار حسێن مامۆستای قوتابخانەی سەرفراز لەبارزان کە وەکو مامۆستا لەو خولەدا وانەی دەوتەوە وەکو هاوکاری رێکخراوی کۆمەک باسی لەوەکرد ئەم خولانە زۆر گرنگن، چونکە پەیوەندی نێوان مامۆستایان بەهێز دەکاتو ئاشنای سیستەمی نوێی پەروەردەو فێرکردن دەبن، هەروەها باشتر دەزانن چۆن خوێندکارەکانیان پەروەردە دەکەن تا کەسێکی بڕوا بەخۆی کەسایەتییەکی بەهێز بەرهەم بێنن.

"خەڵکی متمانەیان بەو کەسانە نییە کە کاری کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبیل دەکەن"

"لەکاتی دروستبوونی گرفتدا بەپێی گرێبەست کێشەکە چارەسەر دەکەین"

ئا: فەرمان چۆمانی

ئەگەر گوزەرێک بەناو پێشانگاکانی کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بکەین لەهەر شارو شارۆچکەیەک چەندین کەس دەبینین سەرقاڵی بەیەکگەیاندنی مامەڵەی کڕینو فرۆشتنی هاوولاتیانن لەپێناو دەست کەوتنی بڕێک پارە، بەو کەسانەش دەگوترێت (دەڵاڵ، بایع شاری) بە هەندێکیشان دەگوترێت قۆڵبڕ، چونکە قۆڵی خەڵکی دەبڕنو ئۆتۆمبێلی خراپ لەبەرچاویان گەورە نیشان دەدەن.

لەکاتی ئامادەکردنی ئەو رێپۆرتاژەدا شۆفێرێک بۆی گێڕامەوە کە یەکێک لەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن پێی گوتووە وەرەقەیەکم بدەرێ بە ٢٠ وەرەقە گرانتر ئۆتۆمبیلەکەت بۆ دەفرۆشم.

لە شارۆچکەی چوارقورنە زیاتر لە١٠ پێشانگای کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل هەیەو نزیکەی سێ هەزار کەس کاسبی لەو پێشانگایانەدا دەکەن، لە زۆر شوێنەوە خەڵک رووی تێدەکات.

مام عەبدوڵا تەمەنی ٥٣ ساڵەو ماوەی ٦ ساڵە لە پێشانگاکانی کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کاردەکات بۆ بەیەکگەیاندنی ئەو هاوولاتیانەی ئۆتۆمبێل دەکڕنو دەفرۆشن، ئەو باسی لەوەکرد لەناو پێشانگاکاندا هەندێ کەس کاسبی دەکاتو هەوڵدەدات نێوانی کڕیارو فرۆشیار رێکبخات، کە هەندێکیان خۆیان دەچنە ناو مامەڵەی هاوولاتیانو هەندێکیشیان پێشتر مقاولە دەکەن، هەشە بێ بەرامبەر ئەو کارە دەکات لەپێناو ئەوەی گرێبەستەکەیان بۆ بنووسێت، چونکە پێشانگاکە هی خۆیەتی، خاوەنی پێشانگاکانیش مانگانە بڕێک پارەی کەم دەدەن بەو کەسانە.

مام عەبدوڵا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد هەندێ کەس ماڵەکە جوان دەڕازێنێتەوەو رێکیدەخاتو هەشە فێل ناکات، ئێمە ئۆتۆمبێلی بێ ژمارەو بە کێشە ناهێڵین بێتە ناو پێشانگاکەمانو لەکاتی دروستبوونی کێشەش هەوڵدەدین چارەسەری بکەین.

حاتەم مەلا ئاغاش لە ٢٠٠٣ەوە ئەو کارە دەکات لەگەڵ کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل باسی لەوەکرد لەکاتی مامەڵەی نێوان دوو هاوولاتیدا دەچین مامەڵەکەیان دەگەیەنینە یەکترو مەرج نییە هەموو جارێک پارە وەربگرین، هەندێجار بێ بەرامبەرەو هەشە پێشتر مقاوەلەی لەگەڵ دەکەین، هەشە وەک دیاری کارتێکی مۆبایلم بۆ دەکڕێ.

ناوبراو باسی لەوەشکرد وەک بەخشیش بڕی ٦٠ هەزار لەلایەن پێشانگا وەردەگرین، من بە تەمای بەخشیشی خەڵک نیم، چونکە خۆم مامەڵەی کڕینو فرۆشتن دەکەم، لەکاتی دروستبوونی گرفتیش بەپێی گرێبەست کێشەکە چارەسەر دەکەین.

حاتەم مەلا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد لەهەندێ شوێن دەڵێن مەچنە پێشانگاکان قۆڵتان دەبڕن، بەڵام بەو شێوەیە نییەو ئەو خەڵکەی لێرە کاردەکات هەژارە، ئەوەشی دێت بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل هەژار نییەو بەشی خۆی شارەزایی هەیە لە ئۆتۆمبێل، بەڵام نرخی ئۆتۆمبێل بەردەوام لەگۆڕاندایەو ئێستا خۆم دوو ئۆتۆمبێلم هەیە بە هەردوکیان ٣٠ وەرەقە زیان دەکەم و تابڵێی زانیاریشم هەیە لەوبارەیەوە.

ئاراسە سور ماوەی سێ ساڵە ئەو کارە دەکاتو لە ئێستاشدا بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پێشانگای چوارچرای لە شارۆچکەی چوارقورنە بەکرێ گرتووە، سەبارەت بەبوونی کێشەو چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاماژەی بەوەدا لەکاتی هەبوونی گرفتیشدا لیژنەمان هەیە و چارەسەری دەکەین لە نرخەکەی دایدەبەزێنین بەگوێرەی شیاوی، ئەگەرنا دەیگێڕینەوە بۆ خاوەنەکەیو پارەکەی وەردەگرێتەوە، بەڵام زیاتر کاتی ئاڕمەکان کێشەو ئاژاوە هەبوو ئێستا باشترە کە ژمارەی نەبێت نایکڕم و هەندێ جار زیانمەند دەبم لەپێناو ئەوەی ئاژاوە دروست نەبێت.

ئاراسە سور سەبارەت بەدیاردەی قۆڵبڕینیش باسی لەوەکرد هیچ خاوەن پێشانگایەک پەنا بۆ قۆڵبڕینی خەڵک نابات، لەهەمان کاتیشدا خەڵک هەیە قۆڵی خەڵک دەبڕێت کە ئیش لە پێشانگاکاندا دەکەن، بەڵام بەوشێوەیە نا کە باس دەکرێت.

ناوبراو ئەوەشی باسکرد ئەوان ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن بەو کارە کە موچەیەکیتریان نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی بێزار نەبن رۆژانە دێنە ئێرەو کات بەسەر دەبەن، ئەو شوێنە بە باشتر دەزانن لە سوڕانەوەیان لە بازاڕو کۆڵانەکان.

ناوبراو سەبارەت بەوەی چەند پارە وەردەگرن بۆ هەر گرێبەستێک ئەوی باسکرد لەبڕی هەر گرێبەستێک هەر لایەنەو ٢٠ هەزار دینار وەردەگرینو خەڵک هەیە ئەو بڕە پارەیەش نادات، یا لێرە مامەڵەکە دەکاتو دەچێت لە شوێنێکیتر گرێبەست دەنووسێت، بۆیە مانگ هەیە لەسەر مانگانەکەمان قەرزار دەبینەوە، چونکە ئێمە نووسەرو چاپچیو پاسەوانمان هەیە کە بە پارە ئیش دەکەن، ئەو پێشانگایەم بە٢٤٠ وەرەقە بەکرێ گرتووەو لەبەرنامەمدا نییە ساڵێکیتر بەکرێی بگرمەوە، بەڵام واز لە مامەڵەی کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ناهێنم.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا داواکارم خەڵک مرۆڤایەتی لەبیربێتو ئەوەی ئەو کارە دەکات مامەڵەکەی بە قۆڵبڕین نەبێو فێڵ لەکەس نەکات، چونکە خەڵک هاتووە بۆ ئێرە دەفتەرێکی پێبووە بە دەستی بەتاڵ چووەتەوە ئەوەندەی ئۆتۆمبێلی بۆ بگۆڕنو ئەو دیاردەیەش لە زۆر شوێن هەیە.

پێشانگایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل